# کۆڵانەکانی منداڵی

( لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی ژ ( ٦٩٠ ) بڵاو بووەتەوە )

**عومەر جەلال**
Omargalal2004@yahoo.com

**هەمیشە خەون بەو ڕۆژانەوە دەبینم کە لەگەڵ هاوڕێکانمدا گەمەمان بە پاشماوەی تەقەمەنییەکان دەکرد ،ئێمە نەوەیەك بووین کۆڵانە دوکەڵاوییەکان جێگای پشوومان بوو ، جەنگی ئێمەی منداڵ زۆر جار لەگەڵ گەورەکاندا**



لەسەر باران درووست دەبوو، ئێمەی منداڵ خوازیار بووین کەس پە پوولە پایزە نەکوژێت ،هەرچەندە ئێمە لەناو دۆزەخێکی جواندا بووین، هەرگیزاو هەرگیز خەممان لەوە نەدەخوارد کە بەهەشتی نوێ درووست بکەین بۆ خۆمان ، جەنگەکان هاتوو چوو ئێمە گەورە نەبووین، هاوڕێکا نمان هەندێکیان سەفەریان کرد بۆ بیابانەکان، هەندێکیان خۆیان کوشت لە وەرزی ڕەشبینیدا ، هەندێ هاوڕێمان سەفەری تاراوگەیان کرد ،تاراوگە بۆ ئەوان بووە ئاما نجی خەونەکانیان ،هەندێك لە هاورێکا نمان خوێندیان تەواو کردوو پەشیمان بوونەوە، هەندێك......

منی گەورەی منداڵ، بۆنی کۆڵانەکەمان لەودیوی ژیانەوە بێت بۆنی دەکەم ،کۆڵانەکەی ئێمە تەژیە لە ئێوارەی ئەرخەوانی و لەساتی جەنگدا بە جێمان هێشت،کۆڵانی منداڵیمان پارچە پارچە کرا هەر نەمرد، شەوانی کۆڵانی ئێمە چێژی گەورەترین خۆشبەختی هەنووکە دەدات، سەردەمی منداڵی من لەسەردەمی گوڵ دەچوو لەساتی پشکووتندا ، پۆلەکانی قوتا بخانەمان گواستبووەوە بۆ نێوەندی کۆڵان ،ئەو کۆڵانەی هێندەی کۆشی دایك گەرم بوو.

من دەنووم ،تارماییەك پێم دەڵێت ،تۆ بە جێماووی لە کۆڵانەکەی منداڵی ،چۆلەکەکان باسی تۆیان بۆ دەکردم، نەورەسەکان تەنیای تۆیان نیشاندام، دووکەڵی جەنگەکان بۆنی تۆیان بۆ هانیم، ئەمشەو منداڵی لێم نابێتەوە هەر وەك و چۆن عەشق بووەتە بەشێك لە جەستەم و ئاوێتەی ڕۆحم بووە ،ئاوها منداڵی دەمباتەوە بۆ کۆڵانێك ،کە بەرەنگاریی هەموو جەنگەکانی ژیان دەبووەوە، من دەگریم و منداڵیم لێرە جێدەهێڵم ،منداڵیەك دەستی کردووەتە نێو دەستم ، حەزناکات بەجێم بهێلێت،کۆڵانەکەمان لە دوورە دەبینم پە نجەرەکە دەکەمەوە.باوکم بەرلەوەی کۆچ بکات دێت و دەڵێت ،کەی کاتی نووستنە هەستە کوڕم لەگەڵ ژیاندا بجەنگێ ،ووتەکانی باوکم یاد دێتەوەو بەر لە مردنی ،بەر لەوەی کۆچ بکات بۆ کۆتا، بۆنی دایکم بۆدێنێ، ئەو دایکەی کە جودا لەهەموو دایکەکانی دی ،منی وەك پەیکەرێکی زیندوو درووست کرد، خۆمم دێتەوە یاد ، خوشکە گوناهەکانم ،برا توڕەکانم ،هەموو هاورێکانی کۆڵانی منداڵی بەردەم دەرگایان لێگرتووم و بانگم دەکەن ،وەرە هاورێ هەتا یارییەکە ساردەوە نەبووە ، چاوەرێی تۆین ،هەتا ئێوارە نەهاتووە و شەو دزی لێنەکرددوین .وەرە دەرەوە نەبادا گەورەکان یاریەکا نمان بشکێنن ،منیش هێندەی تینوێتی چاوەرێی دلۆپە ئاوێکی بەر بارانی کۆڵان دەکەم ،

هەڵماتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی منداڵیم دەردەکەم و لەگەڵ خۆمدا یاری دەکەم ،یادی ئەو شەوانە کە بە دەم خەوەو هاوارم دەکرد( وەرن بۆ ئاوی سارد ،وەرن بۆ پاقلەی گەرم، وەرن بۆ فەریکە نۆك ،وەرن بۆ پەشمەك ،وەرن بۆ خۆم ،وەرن بۆ عەشق ) کەس لێ ی نەدەکرپم و بەتەنیایی دەمامەوە بەدڵی خۆم دەگریام و نەمدەزانی چۆن بچمەوە ماڵەوە، دەگریام هێندەی گریانی ئاسمان لەوەرزی زستاندا هێندەی تووڕەبوونی ( با ) لە داخی ژیان، هێندەی

شێتەکانی شار لە چاوەڕوانی دووکەڵی جگەرە.تەنیا منداڵییە دەمانبات بۆ دەریا قەشەنگەکانی ئاسمان ،باڵی کۆلارەکان دەگرین و دەڵێین زەوی بە منداڵییەوە ناشیرینە ،منداڵ پێویستە لە ئاسمان بژێت،منداڵی فێری ئەوەی دەکردین گومان بکەین لە دەرگا تاریکەکانی دۆزەخ و بە مردن بیژین تۆ ناناسین،ئەو ڕۆژانەی تەمەنم تەنیا پێنج بەهار بوولەتەك هاورێکا نمدا بە دووی ماڵی تەنیایی دا دەگەڕایین ،منیش هەر وەك منداڵە بێ ئومێدەکان دەمزانی ئایندەیەکی تاریك چاوەڕێم دەکات ،ئایندەیەك نەیتوانی پاداشتی منداڵیم بداتەوە،هەموو ئێوارەیەك وەك بەردێك بەتەنیا دادەنیشتم و تەماشایی ئەو منداڵە خوا پێداوانەم دەکرد ، پایسکلەکانیان ڕیز دەکردوو پێشبڕکێیان لەگەڵ یەك تریدا دەکرد،منیش زۆربەی خەونەکانم لەوەدا کۆکردبووەوە کە بتوانم ببمە خاوەنی پایسکلێك،هەموو شەوێك لەخەونمدا بەئاسماندا دەفرم وسووکانی پایسکلم بەدەستەوەیە،ئەفسووس کاتێك خەبەرم دەبووەوە دەستەکانم تەزی بوون لەسەرمای زستاندا چاوانم پڕدەبوو لە فرمێسك ، تا زانکۆم تەواو کرد نەمتوانی ببمە خاوەنی پایسکلێك،دەشێ هەنووکە بتوانم چەندین پایسکل بکڕم بەلام هەرگیز تامی منداڵی نادات ،ئەگەر هەموو پایسکلی جیهانم هەبایە،گەورەترین بەشی ژیانی من بە پایسکلەوە پەیوەستبوو ،هەنووکە هەر منداڵێك دەبینم ئەو ساتە ئەرخەوانییانەم دێتەوە یاد،ئێمەی منداڵ لە کولتورێکدا ژیاین هیچ شتێك بەئارەزووی خۆمان نەبوو جگە لە خەون ،ئەگەر خەون نەبایە نەمان دەتوانی باسی هیچ لە جوانییەکی منداڵی بکەین.ئەگەر یادەوەری منداڵی نەبایە شاعیرەکان پەیڤەکانیان لاواز دەبوو ،کەس نەیدەتوانی ناسك ببێتەوە، جەنگەکان گەورە دەبوونەوە،ئەو کەسانەی کە هەڵگری تایبە تمەندی منداڵین هەمیشە ئەو مرۆڤانەن کە دەبنە خاوەنی گەورەترین عەشق ،ژیان لە پە نجەرەیەکی ناسکەوە دەبین ،گەورەکان هاتن ژیانیان لێ ئاڵۆز کردین،گیرفانە پڕ هەڵماتەکانیان بەتاڵ کردەوە ،فێری جەنگیان کردین،بۆنی منداڵی، بۆنی گوڵە ئاڵەکانی لێدێت،ڕەنگی منداڵی لە ڕەنگی ئاو دەچێت،منداڵی جواترین جیهانی خۆی هەیە قسە کردن لەسەر منداڵی قسە کردنە لەسەر ناکۆتا ،گەرانەوە بۆ منداڵی ،لە هەموو گەڕانەوەکان بە چێژترە،بەسادەییەوە وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی قۆناغی منداڵیم وەك بوونی خۆم هەڵگرتووە،لە ساتێکدا کە قوتابی بووم

هەمیشە خوازیاربووم هەرگیز دەرنەچم لە پۆلی یەکی سەرەتای بە پێچەوانەی هەموو منداڵە هاوپۆلەکانم.

دەست دەبەم بۆ وێنەکانی منداڵیم تەماشای بکەم تەزویەکی خەیاڵ ئامێز لەتم لەتم دەکات و دەمگەرێنێتەوە ئەودیووی بوونەوە،شەقامەکانی منداڵی دەبینم تێر دەگریم ،بۆ ئەو شەقامانەی چەندەها کەسی بەرێکردوو هەروەك و خۆی مایەوە،منیش یەکێك بووم لە هاورێ نزیکەکانی ئەو شەقامە بێنازە ،کە هەنووکە کەس نەماوە

ماچی نێو چەوانی بکات، شەقامەکان بۆنی مەرگیان گرتووە ،کۆڵانەکەمان وەك خۆی نەماوە ،بەلاّم هەمیشە لە یادەوریمدا لە خۆم زیندوو ترە، ئەو مرۆڤانەی تفیان ڕۆدەکردە چاومەوە ،ئەو مامۆستا دڵ بەردانەی کە دەستەکانمیان لەسەرمای زستاندا دەتەزاند لەیادم ناچنەوە، من هەروەك چۆن نیشتیمانە دڵشکاوەکەم یاد ناچێتەوە ئاوها یادەوری منداڵی و ڕەنگی کۆلاّنە ئازیزەکەم لەیادەوەریمدا زیندووە.

* وێنەکە لە( ئینتەر نێت )ەوە وەرگیراوە